# لەبری گرتنی "ئاکۆ و موسا"
# تۆش خێر بکە کە نەکوژرای !

**نوری بێخاڵی**

گرتنی "ئاكۆ محمد" ی سەرنووسەری هەفتەنامەی "میدیا" و "موسا ئەحمەد" ی بەرپرسی پەیمانگای راپرسە سیاسییەکان ، نە یەکەمین کاری دژە دیموکراسی و ئازادی خنکێنی دونیای ئێمە و نە دواییینیان دەبێت ، لەوەش زیاتر ئەستەمە چاوەڕێی هەنگاوێکی شیاوتر و بیرکردنەوەیەکی جوانتر و هەڵوێستێکی مەدەنی تر لە وەزیر و وەزارەتێك بکرێ ، کە دوای ئەو هەموو کردارە تیرۆریستییەی هەولێر و تۆماری بێ کۆتاییەی قوربانییەکان مێش میوانیان نەبوو ، "دلێرو یا شێخ "یش ناچار بە خۆ هەڵوەشاندنەوە و دەست لەکارکێشانەوەیان نەکردن . لەوەش زیاتر ئەمڕۆ هەموو ئەو کردارانەیان کردۆتە پاساو و بیانوی کوشتنی زمانی رەخنە و ئازادی قسە و پرسیار و گومان کردن ..ئەو وەزارەتە کە دێت بۆ رازیکردنی هێزێکی دۆگما و کۆنەخواز لەدەرەوەی دادگا و بەبێ دیاربوونی داواکارێك و بڕیاری دادوەر، دەزگایەکی راگەیاندن ناچار بە بێدەنگی دەکات و لەسەر راپرسییەك و بلاوکردنەوەی لە مینبەرێکی ئازاددا ، کە رای شەقامی کوردی و خوێندنەوەیەتی بۆ ناکارایی دامەزراوەیەکی حکومەت وەك سەرەتاییترین مافی هاوولاتیبوون، سەرنووسەری بلاوکراوەکە و بەرپرسی دەزگای راپرسی دەخاتە کونجی زیندان ، بەمەش دەیەوێ پێمان بڵێ تا ئازاد بنوسن و بدوێن و رادەربڕن ،دەبێ ستاییشم بکەن و هەڵەکانم بە حیکمەت و سزاکانم بە پاداشت پێبگەن . چونکە بەمانایەك لەماناکان گرتنی ئەو دوو کەسە ، دواجار حوکم دانە بەسەر هەموو ئەوانەش کە لە راپرسییەکەدا دەنگیان داوە و رای خۆیان دەربڕیوە..ئەو دەزگایە کاتێك وەك ئەوەی بن لادنی دۆزیبێتەوە ، هەڵدەکوتێتە سەر ماڵی وشە و مینبەری را ، دەبێ ترسەوە ئیدی بیربکەینەوە و بدوێین و دەنگ هەڵبڕین و گومان لە دروشمەکانی دیموکراسی دەسەلاتی کوردی و موژدەکانی کۆمەڵی مەدەنی بکەین و رەشبین بین بەرامبەر ئاییندەی چاکسازی و پاکسازی و بنەبڕکردنی گەندەڵی.

ئاخر وەزارەتێك کاربەدەستێکی بالا و نزیك لە وەزیرەکەی ، دوای دانپیانانەکانی گروپی "یا شێخ" قوربانی و خێر بکات و گۆشت بەگەڕەکدا ببەشێتەوە و شوکرانەی خوا بکا کە نەکوژراوە و .....! دەبێ ئەم هەڵوێستە چ پرسیارو گومانێك لەبەرامبەر ئەو قسە و دروشمە زلانەی پاراستنی سەر و ماڵ و کەرامەتی خۆی لای هاوولاتی دروست بکات؟ یان چیمان پێ ئاشنا بکات دەربارەی وێرانییەکانی وەزارەتێك کە کارمەندەکانی لە خۆیان دڵنیا نەبن ؟ ئاخۆ ئەمە وامان لێدەکات چاوەڕێی چ دۆزەخێکی گەرمتری کاری تیرۆریستی و باندی سەربڕ بکەین ؟

بەڕاست وەزارەتێك بەم هەموو چاو و گوێ و دەزگا و دامەزراو و هۆکار و ئامرازەوە قەسابخانەیەکی مرۆی ناو جەرگەی شاری پێ کەشف نەکرێ و باندێکی سەربڕ و تۆقێنەری پێ نەدۆزرێتەوە و ئەندامێکی خۆی پێ پەروەردە نەکرێ ، کەچی لەبەرامبەردا لە کونی دەرزی چاوە سیخوڕییەکان و گوێچکە جاسوسەکانی دەنگی وشە و رەنگی هەڵوێستی ئازادانە ببینن و هەست پێبکەن ،کەسێك دەتکوژێ و ئەتکت دەکات و ئاساییش و ئارامیت دەخاتە مەترسی خۆتی لێ نەبان کەیت و یەکێك هاوکار و رێنوێنیکارت بێت لەڕێگەی رەخنەوە بۆی لەکەمیندابیت، دەبێ مانای چی بگەیەنێت؟ سەیرە دەزگایەك لەیەك کاتدا لە رای شەقام تورە دەبێت لەسەر ئەوەی کە هەڵە و کەمتەرخەمییەکانی خستۆتە ڕوو، هاوکات داوای هاوکاری و هەماهەنگیشی لێدەکات بۆ قەرەبوکردنەوەی بێتوانایی خۆی لە کۆنترۆڵکردنی شار، هەر ئەو دەمەش ئەوانەی دەنگی ئەو شەقامە دەگەیەننە لای مەحکوم بە زیندان و گرتن بکات ، هاوکێشەیەکە شیکردنەوەی زۆر زەحمەتە !

گرتنی "ئاكۆ و موسا" و بەرلە ئێستاش راگرتنی سەتەلایتی کوردستان لە بەرتەسککردنەوەی ئازادی و کوشتنی جیاوازی و خەفەکردنی دەنگی ناڕەزایی و دیزەبەدەرخۆنەکردنی ناکارایی و بڕینی زمانی رەخنە و رازیکردنی هێزگەلی کۆمەلایەتی و سیاسی دۆگما و کۆنەپارێز و دژە کرانەوە و پێشکەوتن زیاتر ، چیتری لێ ناخوێنرێتەوە.